# تاوانی کوشتنی کەسێک لە ڕۆژی سەری ساڵدا، بانگەواز بۆ شایەتحاڵان

**شوێن: لایپزیگ، ئایزنبانشتراسە/هیلدەگاردشتراسە**

**کات: ٢٠٢٥\١٢\٣١ کاژێر ٢:٤٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆ**

لەسەر شەقامی ئایزنبانشتراسە، ڕێک لەسەر یەکتربڕی شەقامی هیلدەگاردرشتراسە، لە ڕۆژی سەری ساڵی نوێدا کاژێر ٢:٤٠ دەقیقەی پاشنیوەڕۆ، شەڕێکی مەترسیدار ڕوویدا .

پیاوێکی تەمەن ٢٢ ساڵ (سۆماڵی) دەکەوێتە ناکۆکییەکی زارەکییەوە لەگەڵ پیاوێکیتردا ، کێشەکە دەگاتە لوتکە و ڕکابەرەکەی چەندین جار بە شتێکی تیژ پیاوە سۆماڵیەکە بریندار دەکاو بە پێ لە شوێنی ڕووداوەکە هەڵدێ. قوربانییەکە دەگواسترێتەوە بۆ نەخۆشخانە و لەوێ هەناسەی بۆ دەگەڕێندرێتەوە، دواتر دەگواسترێتەوە بۆ کلینیکێکی پسپۆڕی، کە لەوێ بەداخەوە دوای هەوڵێکی چڕی پزیشکان، ڕۆژی هەینی لە بەرواری ٩ی کانونی دووەمی ٢٠٢٦ گیانی لەدەست دا.

نووسینگەی داواکاری گشتیی لایپزیگ و پۆلیسی بەشی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی لایپزیگ ئێستا لێکۆڵینەوە لە تاوانی کوشتنێکی ئەنجامدراو دەکەن .

ئەنجامدەری ئەم تاوانە نەناسراوەو هەتا ئێستا ونە، تەنانەت گەڕانێکی بەرفراوانی ناوچەکەش نەبۆتە هۆی دۆزینەوەی گومانلێکراوەکە .

شایەتحاڵەکان تەنها ئەم وەسفە گشتیەی خوارەوەیان بۆ گومانلێکراوەکە پێیە:

- **لە ڕەگەزی نێر**
- **چاکەتێکی تۆخی لەبەردابوە**
- **کڵاوێکی تۆخی لەسەر بوە (کە ڕەنگە وەک دەمامک بەکاریهێنابێ)**

پۆلیس ئێستا بەدوای شایەتحاڵی زیاتردا دەگەڕێت، ئەوانەی کە دەتوانن زانیاری وردتر، یان زیاتر لەبارەی ڕووداوەکە وە/ یان لەبارەی کەسانی تێوەگلاوەوە بدەن .

- **کێ تاوانبارەکە دەناسێت یان دەزانێت لە کوێ دەمێنێتەوە؟**
- **کێ لە کاتی ڕوداوەکەدا لەوێ بوە؟**
- **کێ وێنە یان ڤیدیۆی ڕووداوەکەی لەلایە؟**

بۆ گەیشتن بە زۆرترین ژمارەی شایەتحاڵ، ئەم بانگەوازە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانەکانی کوردی، تورکی، فارسی و عەرەبی. داوا لە دانیشتووانانی بەڕێز دەکرێت کە ئەم زانیارییە بە فراوانی بڵاوبکەنەوە.

داوامان لە شایەتحاڵان و هەر کەسێک کە زانیاریی هەیە ئەوەیە، پەیوەندی بکەن بە پۆلیسی بەشی لێکۆڵینەوەی تاوانکاریی لە لایپزیگ، لەڕێگای ئەم ژمارە تەلەفۆنەو ئادرەسەی خوارەوە یان هەر بنکەیەکی تری پۆلیس:

**Dimitroffstraße 1,**

**04107 Leipzig,**

**Tel.: (0341) 966 4 6666,**

.

لەم چوارچێوەیەدا ، پۆرتاڵێکی زانیاریدان لەسەر وێبسایتی پۆلیسی ساکسۆنی

**https://sn.hinweisportal.de/**

دامەزراوە، کە تێیدا دەتوانرێت وێنە، ڤیدیۆ و زانیاری (ئاپلۆد) یان  بار بکرێن، بە شێوەیەکی شاردراوە،

(واتەپێویست ناکات ئەو کەسە ناوی خۆی ئاشکرا بکات، کە زانیارییەکە ئەدات) .